# کەلتورو دابونەریتی کوردی و ڕەنگدانەوەی لەسەرئافرەت  لە دیوانە شیعری (ملوانکەی ) شێرکۆبێکەسدا

**شەیدا ڕەشید محەمەد ، ئاوات ڕەحیم کریم**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

پێشەکی
ئەم لێکۆڵینەوەھ لە ژێرناونیشانی ( کەلتورو دابونەریتی کوردی و ڕەنگدانەوەی لەسەرئافرەت  لە دیوانەشیعری (ملوانکە )ی شێرکۆبێکەسدا) دا ،هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی   مافی ژن و هەوڵدان بۆ خستنەڕووی کێشەکانی ژن و بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشکان و بەدەستخستی ماف و ئازادیەکانی ژن و شکاندنی ئەو دابونەریت و کەلتورە ناپەسەندانەی کە ڕێگە لە ئازادی  و بیرو ڕاومافی کارکردن و دەسەڵاتی ژن دەگرێت .چونکە ژنان شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە گەشەکردن و بەرویێشبردنی کومەڵگەدا، وبنبڕکردنی جیاوازی ڕەگەزی  ،سودوەرگرتن لە ئەزموون و کارامایی ژنان .
(شێرکۆبێکەس  ) ،لە بەشێکی زۆری بەرهەمە شیعرییەکانیدا ، ژن کەرەستەیەکی گرنگی بەرهەمەکانیەتی و هەروەك خوی دەڵێت (( شیعر بەبێ ژن شیعر نییە )) هەربۆیە ڕەنگدانەوەی جۆراو جۆری زمانی ژن و مێینەیی لەناو شیعرەکانیدا بەکارهێناوە .بەتایبەتی ،دیوانی (ملوانکە ) یەکێکە لە و بەرهەمە شیعرییەی  بۆژن و مافی ژن تەرخانکردووە.
ئەم توێژینەوە لەم گۆشەنیگاییەوە لە شیعرەکانی شێرکۆیی ڕوانیوە، ئەم لایەنەی کردوەتە ئامانجی سەرەکەی خۆیی و .دابەش دەبێت بەسەر دووبەشدا، بەشی یەکەم : بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بەلایەنی تیوری دراوە ، پاری یەکەم : باس لەکەلتورو ئافرەت دەکات پاری دووەمیش باس لە ئافرەت و داب ونە ریت دەکات لە کۆمەڵگای کوردیدا.
،بەشی دووەمیش لەدوو پار پێکدێت ،لە پاری یەکەمدا :باسمان لە رۆڵی شێرکۆ بێکەس  و گرنگی دان بەژن کردوە  ، لەپاری دووەمیشدا  وەك بە شێکی پراکتیکی باسمان لە : کەلتورو دابونەریتی کوردی ڕەنگدانەوەی لەسەرئافرەت  لە دیوانەشیعری (ملوانکە )ی( شێرکۆبێکەس ) دا کردوە ،لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەمانیش ڕێبازی وەسفی شیکاریمان بە کارهێناوە ،لەکۆتایدا ئەنجامەکان وپوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی  وئەو سەرچاوانەی کەبەکارهێنراوە خراونەتە ڕوو .

بە شی یەکەم// کەلتورو ئافرەت
تەوەرەی یەکەم
یەکێک لەودەقە گرنگانەی کەدەربارەی کەلتور دواوە(جارنامەی مەکسیکۆ)ی ساڵی١٩٨٢کە دەڵێت(کولتور، بەمانا فراوانەکەی ، تەواوی ئەو تایبەتمەندییە ڕۆحی و ماددیی سۆزدارییانەیە کە خودی کۆمەڵگەیەك یان خودی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی جیادەکەنەوە ،کەهونەر،وێژەو شێوازەکانی ژیان دەگرێتەوە ،هەر وەك چۆن مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ و سیستەمەکانی بەهاو بیروباوەڕو نەریتەکان ....هتد ، دەگرێتەوە ،کە توانستی بیرکردنەوە لە خۆی بە مرۆڤ دەبەخشن و دەیکەنە بوونەوەرێکی خاوەن مرۆڤایەتی،کە خۆی لە توانای ڕەخنەگرتن و پەیوەستبوونی ئاکاریدا دەبینێتەوە) (ملیفل هرسکو فیتز،1973،ص5-7)
کولتور وەك ئەزمونێکی مرۆیی گشتییە،بەڵام لە شێوەی خۆجێیی یاخود هەرێمەکەیدا تایبەتییەبە هۆی جیاوازی ژینگەو دەوروبەرو سروشتی و کۆمەڵایەتییەوە لە ڕاستیدا کەلتوور دواکەوتووی پێشکەوتووی نییە، بەڵام کەلتوور خوازی قۆناغی هەیە ئەو کۆمەڵگایەی کە لە ڕووی شارستانیەتەوە پێشکەوتوون و کولتوور خوازیەکانیشیان لەگەڵ بەرەو پێش چوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و

ئابووری سیاسیدا هەڵکشاوە ، کەچی ئەو کۆمەڵگایانەی کەلە قۆناغێکی دواوەن وەکو کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتییەکان ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیان دواکەوتووە بۆیە کەلتور خوازیەکانیشیان وەکو خۆیان ماونەتەوەو هیچ بەرەو پێشچوونێکیان بەخۆیەوە نەدیوە

کەلتوور جێگیر نییە ، بەلام بە پێی قۆناغەکانی ژیان هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە یەکێ لە گرنگترین ئارێنەکان بۆ لێکۆڵینەوەی کەلتوور ئاشنابوونی سنووری کولتوورلەسەر گەشەکردنی بیری کەسێتیدا خۆی دەبینێتەوە

ژن کەسێکەچ لەڕووی دروستکردنی کەسایەتیی خۆیەوە دەستپێشخەری دەکات و چ لە پێناو هێنانەدی ئازادییەکدا کە سوودی هەیەبۆ هەموو کەسێك ژن پێویستەسەرەتا خاوەن کەسایەتی خۆی بێت ئەم کەسایەتییە بێتە کەسێکی ئازاد.ژنی ئازاد ژنێکی بیرکەرەوەیە لەو بارودۆخانەی کە وایانکردووە شەڕی ئەو لە گەڵ جیهان و کۆمەڵگاو پیاو بێتەشەڕکردن لەئاستی لابەلادا ،ژنی ئازاد سەرەتا و هەمیشە و بەبەردەوامی شەڕ لەسەر ئازادی دەکات تابتوانێ لەسایەی ئازادیدا شەڕ بۆ یەکسانی کەرامەت و کات و شەڕ لەدژی توندوتیژەیە سیاسی و ڕەمزی و یاسایی و ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتووری و ئایینیەکان بکات کەهەمەوویان پێکەوە لەیەك کاتدا ڕێگرن لەبەردەم ئازادی ژندا.

قسەکردن لەسەرچەمکی ژنان قسەو باسێکی زۆر هەڵدەگرێت دەربارەی ئەم بابەتەش کۆمەڵێ ڕای جیاواز هەیە ،کە ئایا ژنی کورد تا چەند یەکسانی هەیە، بیانییەکان ئاماژەیان بەهەندێ جیاوازییکردووە لە نێوان پێگەو باری ژنانی کوردو ژنانی گەلانی درواسێتدا، هەندێك لەو جیاوازیانە پابەندبوون بەباری وجوگرافی و کوردستان شێوازی بەرهەم هێنان و ئاو هەواو ژیانی ئابوری کەلتووری کۆمەڵگەی کوردیەوە ،ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ژنانی کورد وەکو ژنانی گەلانی تری دراوسێکۆن و نوێ چ ئەوانەی لە شارو دێ نیشتەجێن بەهەمان شێوەی ژنانی تر ژیاون (ژن ئەو دەریای سۆزو میهرەبانەییە، ئەو سەرچاوەی ژیان و ئاوەدانیە،ئەوسەربارەگوماناوەی ژیانی مرۆڤایەتییە،کەلە هیچ کات و سەردەمێکدا نە ئاوری لێدراوەتەوە نەڕێزێکی شایستەی خۆی لێگیراوە ، تەنانەت لەسەرەتای ژیانی مرۆڤیشدا وپێش پێکهێنانی خێزان کەبەناو ژنسالاری بووە)(تەوار 24،2008،ل6)

هەروەها (ئافرەتی کوردیش پەروەردەی دەستی ئەو کەلتوورەیە ،بۆیە ئافرەت لە نێو ئەو کەلتوورەدا خاوەنی کەسایەتێکی ئالۆزە و فۆرمێکی تری بە خۆیەوە گرتووە.ئافرەت هەمیشە سەرکووت کراوە نەخشەیەکی بۆ کێشراوە کە ئەویش ئەو ماڵەیە کە تیایدا دەژی کپ کراوە لە دەربڕینی هەموو ئەو هەست و ئەو شتانەی کە ئاسودەیی بە دەروونیان دەبەخشن .) (ڤیان قانع ، 2013،ل168.)

تەوەری دووەم// ئافرەت و داب ونە ریت لە کۆمەڵگای کوردیدا

پێش هەموو شتێك دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین ،کە زۆربەی لێکۆلینەوە و سەرچاوە زانستیەکاندا چ لە بواری کۆمەلایەتی و داب و نەریت و کلتوری کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی و ئافرەت بە تایبەتی ،زۆر بە کەمی لە سەرچاوەکاندا دەبینرێت و بەرچاو دەکەون ،تەنها هەندێ سەرچاوە هەیە ئەویش بەهۆی ڕۆژهەلاتناسەکان هاتوونەتە کوردستان و ناوچەکانی کوردستان گەڕاون و زۆربەی شار شارۆچکەکانیان بینیوە لە ڕوانگەی تێگەیشتن و بیر و بۆچوونی خۆیانەوە دیمەنێکی ئەو سەردەمە مێژوویەی نەتەوەی کوردیان بۆ تۆمارکردووین و لە کتێبخانە ناودارەکانی خۆیان هەڵیان گرتووە ،بووەتە مێژوو بۆ نەتەوەی کورد و هەروەها لێکۆلەر و مێژوو نوسانی کورد و نوسەران تایبەت بە بابەت و پرسی ژنان گەیشتوونەتە کۆمەڵێك زانیاری و ڕاستیی مێژوویی لە لایەنەوە (ئافرەتی کورد نە هیچی لە کەس زیاترە و نە هیچی لە کەس کەمترە ،(بێکەس )وتەنی کەی گیرۆدەیی دەستی زوڵم بووە،ئەو ساکە وەك هەموو دەستە خوشکەکانی گیرۆدەی دواکەوتووی دەبێ ،شەقڵی ئەو دواکەوتوییەی پێوە دیار دەبێت .) (کەماڵ مەزهەر ، ١٩٨١،ل74.)

سیر مارك سایکس دەڵێ(ژنی کورد خۆی رزگار کردووە ،رزگار بوونی لە بەهایەکی بەرزە وە هاتووە کەپێکهاتووە لە کۆمەڵێ بیر وباوەری ئەو کۆمەڵگەیە .) (الوضع الاجتماعی والقانوونی لمراە فی کردستان العراق ،ص92.)

هەروەها نەتەوەی کورد لەچاو نەتەوەکانی دیکە بەرامبەر بە ژن زیاتر نەرم بووە(کورد لە سەرجەم نەتەوە موسڵمان و غەیرە موسوڵمانەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست زیاتر لە گەڵ توێژی ژناندا لێبوردەیە .) (مینورسکی ،ت:معروف خزندار ،1968، ص74.)

نەتەوەی کورد مەودای ئازادی و بەرقەراری ئافرەتی تێدا زیاترە، وشەی لێبوردەیش لای (مینۆرسکی) بە مانایەکی فراوان دێت کە تێیدا مەبەستی بەراورد کردنی کوردە لە گەڵ نەتەوەکانی تر هەر لە بارەی ئافرەتی کوردەوە(مینورسکی ،ت:معروف خزندار ،1968، ص74.)، رۆژهەڵاتناسێکی تر بە ناوی (سۆن )قسە لە سەر پرسی ئافرەت دەکات و دەڵێت :(ژنەکانیان ڕووپۆشیان نیە و ڕوخساری خۆیان ناشارنەوە ،هەرگێز ناشڵەژێن ،کاتێك لە بەردەم پیاوێکی بێگانەدا دەوەستن .دوو دڵ نین لە قسەکردن لە گەڵ بێگانەدا ،ئەگەر پیاوگەل لە ماڵ نەبوون ،هەلئەسێ بە دەوری خانە خوێیەکی زۆر چاك و میواندارى ڕێبواران و میوانەکان دەکات .)لە شوێنێکی تردا دەڵێ:(ژنیان وەکو ژنی هەر وڵاتێکی ئەوروپایی سەربەستن ،ئەوەندە نەبێ ناچنە بازاڕ ،بەرەو پێشچوون و دەربڕینی بەرز لەو سیستەمە مەودای داوە بە ژن ،تا لە دیدێکی نزیك بە تێگەیشتنی ئاستی ژن لە ڕۆژئاوا ببینرێ.) (سۆن ،و:مینە ، 2007،ل64.)

واتە ئافرەتی کورد بە چاوی ڕێز و خۆشەویستیەوە سەیر کراوە ، توانیویەتی لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا بەشداری بکات و بەرەو پێشەوەی ببات ئەمە مانای ئەوە نیە، کە ئافرەت کەسایەتیکی تەواو پێگەیشتووی هەبووە سەرجەم مافە بەراییەکانی خۆی بە دەست هێنا بێ بەڵکو پێویستی بە هوشیار کردنەوەی ئافرەتان هەیە لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی خۆیان فێری خوێندن و نوسین بکەن وبە نووکی پێنووسەکانیان داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن چیتر نەبنە قوربانی دەستی داب ونەریتی کۆمەڵگا لەلایەن کۆمەڵگای نێر سالاریەوە بچەوسێنەوە. (ژنی کوردیش هیچی لە ژنانی جیهان و وڵاتانی تر کەمتر نییە بۆیە هەقی خۆیانە بچنە پێشەوە و داوای مافە زەوتکراوەکانی خۆیان بکەن ،ژنان لە هەوڵ و تێکۆشان بەردەوامن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ،پێویستە هەر کەسەو لای خۆیەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوە و بەرەو پێشبردنی یەکێکی تر بدات تا وەکو هەموومان بە یەکەوە بتوانین خێزانی پێشکەوتوو و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بێ کێشە بە دەستبهێنین .) (مونیرە مەخمووری ،2011/3/8،ل270/271.)

ئافرەتی کورد کۆمەلێك بنەمای تایبەتی خۆی هەیە لە ڕووی هەڵسوکەوت و ئاکارەوە لە میللەتانی تر جیای دەکاتەوە مێژووی مرۆڤایەتی بە چەند قۆناغێکدا تێ پەڕیوە ژیانی ئافرەتیش بە پێی قۆناغەکانی مێژوو گۆرانکاری بە سەردا هاتووە (لە سەردەمێکی زۆر کۆنی مێژوودا نەبێت کە ئافرەت تێیدا یەکەمی کۆمەڵێکی یەکجار سادە و ساکار بووە ،ئیتر لەوە دوا ئافرەت هەر زەلیلی ماڵ و ژێر دەستەی ئاغایەتی پیاو بووە .لە گەڵ ئەوەش ئافرەت دەسەڵاتی خۆی نەدۆراند .منداڵ هەر بە ناوی دایکیەوە ناو دەبرا ،خاڵوان پشتی ڕاستەقینەو جێگەی بڕوا و متمانە بوون) ( کەماڵ مەزهەر،١٩٨١،ل5.)

ئافرەت هەمیشە ژێر دەستەی پیاو وکۆمەلێك ئەرکی قورسی لە سەر شان بووە ڕووبەڕوی چەندین تەنگ و چەڵەمە بوەتەوە بەرگەی ئازارەکانی ژیانی گرتووە کۆمەڵێك ئیش و کاری ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵی لە ئەستۆ گرتووە لەم بارەیشەوە زیاتر چەوساوەتەوە جونکە ئافرەت ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵی لە سەرە لە هەمان کاتدا ئیشی دەرەوەشیان پێ کردووە (ژن لە دێر زەمانەوە ڕووبەڕووی چەوسانەوە بووە زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی سەرەتای سەرهەڵدانی چەوسانەوەی ژن ئەبەنەوە بۆ سەردەمی پەیدا بوونی رژێمی بەندایەتی دەگەڕێتەوە .لەم سەردەمەدا تەنێ پیاو بەرهەم هێنەری بنجی و ئەسلی بووە .لەو کاتەدا بوو،ژن بوو بە دیلی چوار دیواری ماڵەوە کارو پیشەی زاوزێ و بەخێوکردنی منداڵ و جێ بەجێ کردنی هەموو کارێکی نێوماڵ بووە، بەر لە رژێمی کۆیلەیی ژن سەربەست وئازاد بووە ) (کوردستانی گیوی موکریانی ، 1980،ل5/6.)

ئافرەت لەکۆمەڵگەدا دوو جار تووشی گیرو گرفت وتوند و تیژی بووە یەکەم لە بەر ئەوەی کە کورد و ناسنامەی کوردیە ئەم هۆکارە نەك تەنها ئافرەت بەلکو پیاویش دەگرێتەوە چونکە ئێمەی کورد هەردەم بەش ومافمان خوراوە هەوڵی چەوسانەوەمان دراوە بەردەوام ویستویانە ئەم نەتەوەیە سەربەخۆی خۆی وەرنەگرێت دووەم لە بەر ئەوەی کە مێیە ئاشکرایە نوسەر(علی ئیسماعیل) لە هۆکاری یەکەم مەبەستی ئەوەیە کە کورد بە درێژایی مێژوو چەوساوەتەوە و تووشی چەندین ناخۆشی بووە دەر بەدەر کراون و مافەکانیان لێ زەوت کراوە (ژن لە کوردەواریدا جیاوازیی کورد بوونی تووشی کێشەی ژن بوونیشە ،واتە ژیانی ژن لە کۆمەڵگەی کوردی بە دوو هۆ تووشی قەیرانی دەروونی و کێشەی کۆمەڵایەتی دێت ،یەکەم کورد بوون و دووەم ژن بوونی ) (علی ئیسماعیل نژاد ،ل 21.)

(كەواتە ئافرەتی كورد لە لایەن كۆمەڵگای پیاو سالاریەوە لە هەردوو باری جەستەیی و دەروونیەوە داگیر كراوە و مافی تەواوی نەدراوەتێ،چونكە كە دەلێن ئافرەتی كورد سەربەست بووە و شان بە شانی پیاو كاریكردووە ،ئەمەش بەكارهێنانێكی دیكەی مێینە بووە لە بواری وزەو تواناكانی بۆ جێبەجێكردنی كارو فرمانەكانی پیاو سالاری ) (بوار نورەدین ،2004،ل29.)

ئەو پیاوانەی كەوا هەست دەكەم پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو پەیوەندی گەورە و بچووكە وەكو چۆن نوسەر (كوردستانی گیوی موكریانی ) ئاماژەی پێداوە، بەڵام دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە ئەو پیاوانە كە بەم شێوەیە بیر دەكەنەوە و هەست دەكەن زۆر هەڵەن، چونكە پەیوەندی نێوان گەورە و بچووك لە سەر بنەمای رێز گرتن و خۆشەویستی دامەزراوە، بەڵام لە پێوەندی نێوان ئافرەت و پیاو لە سەر بنەمای رێزگرتن نییە چونكە ئەگەر وابێت بۆ گوێلە بیر و ڕای ئافرەت نەگیراوە هەر لە زۆر بە شوودان و ژن بە ژن و گەورە و بچووك كراوە هەروەها لە باتی شیربایی وەرگیراوە واتە دەتوانین بڵێن مامەڵەی كڕین و فرۆشتنی پێوە كراوە .

ئافرەت پێش ئەوەی پێ بنێتە قۆناغی كۆیلەیی سەربەست و ئازاد بووە، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەگەر ئافرەت لە پێش ئەم قۆناغە ئازاد بووە بۆ نەیتوانیوە بەرگری لە ماف و ئازادییەكانی بكات ،(ژن لە دێر زەمانەوە رووبەرووی چەوسانەوە بووە زانایانی زانستی كۆمەڵایەتی سەرەتای سەرهەلدانی چەوسانەوەی ژن بۆ سەردەمی پەیدا بوونی رژێمی بەندایەتی دەگەڕێتەوە .لەم سەردەمەدا تەنێ پیاو بەرهەم هێنەری بنچی وئەسلی بووە .لەو كاتەدا بوو ،ژن بوو بە دیلی چوار دیواری ماڵەوە كار و پیشەی زاو و زێ و بەخێوكردنی مندال و جێ بە جێ كردنی هەموو كارێكی نێوماڵ بوو بەر لە رژێمی كۆیلەیی ژن سەربەست و ئازاد بووە .) ( كوردستانی گیوی موكریانی ، 1980،ل6.)

هەرچەندە ئافرەت نیوەی كۆمەڵە، بەڵام ئافرەتی كورد وەكو هەموو ئافرەتانی دنیا ڕووبەڕووی چەندین كێشە و ئارێشە بووەتەوە و چەوساوەتەوە لە چەند لایەنێكەوە بۆ نموونە ئافرەتی كورد هەر لە مێژووە خاوەنی بڕیاری یەكجارەكی خۆی نەبووە، بەڵكو (دەورووبەر ڕۆڵی هەبووە لە بریار دانی ئافرەت و مافی چارەی خۆ نوسین هەر كاتێكیش بیەوێت دەنگی ناڕەزای خۆی بەرز بكاتەوە ئەوە لە لایەن كۆمەڵەوە دەم كوت كراوە و ریسوا كراوە ،وەكو پێشتر ئاماژەمان بۆكرد ئافرەتی كورد لە سەرەتاوە لادێ نشین بووە ئەمەش بووەتە هۆی دواكەوتنی لە خوێندن و خۆ ڕۆشنبیر كردن ئەم ئارێشەیەش هۆكارێكە بۆ دوا كەوتنی كۆمەڵ بۆیە پێویستە ئافرەت ئازاد بكرێت بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە تواناكانی خۆی بدات و بەشداری لە پرۆسەی خوێندن بكات بۆ ئەوەی تاكێكی لێهاتوو و ڕۆشنبیری لێ دەربچێت سەر ئەنجام بتوانێت ئامادەی سەرجەم كۆڕ و كۆبوونەوەی كۆمەڵگا بێت لە بارەیانەوە ڕای خۆی دەرببڕێت ئەمەش دەبێتە هۆی رزگار بوونی كۆمەڵ لە ڕووی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی و ئابوورییەوە .) ( عەدالەت عومەر ساڵح ، 2002،ل 91/90.)

دەربارەی ئازادی ئافرەت،( ئافرەت هەرچەندیش ئازاد بێت تاڕادەیەك هەر پەیوەستە بە ئەركەكانی ماڵەوە هەتا ئەگەر مێرد ومناڵیشی نەبێت .) (سمیە نجیب خلیل ،2007،ل8)

بەم شێوەیە كوردستان موكریانی دەربارەی ئارێشە و گرفتەكانی ئافرەت دەدوێت ئەوە پیشان دەدات، كە بێ مافی ئافرەت گەیشتۆتە ئەو رادەیەی، كە پیاو بە ئارەزووی خۆی وەكو بوكەڵەیەك یاری پێ بكات تەنانەت بە شێوەی تەسبیحی دەستی لێ هاتووە بە هەر شێوەیەك بیەوێت هەڵی دەسوڕێنێت و بە كاری دێنێت ،سەرباری هەموو ئەو كێشانە باسی باوەڕ بەخۆ بوون و زیرەكی و ژیری ئافرەت دەكات و دەڵێت :(ئافرەت سەرباری كار و پیشەی سروشتی خۆی ،كەرەستە و ئامرازی راو و نێچیر و شكار و شەری دروست كردووە .بەلكو ژن بە هۆی باوەر بە خۆیی ،ژیری،زیرەكی ،توانایی ،وێستی ،وەكو مرۆڤێك توانیویەتی ،هێندێ جار بەشداری دامەزراندن وپێش خستنی كۆمەلگە بكا.) ( كوردستانی گیوی موكریانی ، 1980،ل7/6.)

دەبێ ئێمەی ئافرەت لەو داب و نەریتانە یاخی بین، كە بە سەرماندا سەپاوە، بەڵام ئایا ئافرەت تا چەند دەتوانێت لەو داب و نەریتانە یاخی بێت لێرەدا دەبێت پرسیار لە خۆمان بكەین و بڵێین كۆمەڵگە رێگای پێ دەدات ، بەڵكو لەوانەیە ئەو ئافرەتە یاخی بووانە زیاتر تووشی چەوسانەوە ببنەوە لە لایەن كۆمەڵگاوە بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە كۆمەڵگە بە هەموو تاكەكانیەوە بە ئافرەت و پیاو و منداڵیشەوە هەموویان هەوڵی گۆڕینی ئەو داب ونەریتانە بدەن كە تیایدا وەكو باڵندە بەند كراون ناتوانن رزگاریان بێت لێی هەرچەند تێبكۆشن ئەگەر كۆمەڵگا خۆی ئازادیان نەكات ،كە دەبێت هۆشیار بێت لە هەموو لایەنێكەوە دەبێ هەوڵ بدات

پێگەیەك بۆ خۆی دیاری بكات لە پێناو پێشكەوتنی مرۆڤایەتیدا هەر وەكو دەڵێت :(ئافرەت پێویستە یەكەم جا مافەكانی خۆی بناسێ ،هوشیار بێ،لە لایەنی ئابوریەوە ،زانستیەوە ئێمەی ژنی ئەم كۆمەڵگەیە دەبێ بخوێنین ،ئەبێ خۆمان رۆشنبیر كەین ،ئەبێ یاخی بین لەو داب و نەریتە سەپاوانەی كە بوونەتە بەشێك لە چەوسانەوەمان .)( كوردستانی گیوی موكریانی ، 2007،ل11.)

ئەگەر سەیری دام و دەزگای حكومی و رۆشنبیری و زانستی و كۆمەڵاییەتی وبكەین ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ئافرەت گەلێ كەلێنی پڕكردۆتەوە لە مەیدانی وە بەرهێنان وكۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ،هەروەها ئافرەتی كورد بەشداری لە سیاسەت كردووە چەندین ئافرەتی ناسراوی كورد لەسەنگەرەكانی پێشەوەی بەرگری بوونە هەروەها خزمەتی پیاوانیان كردووە لە هەوڵ و تێكۆشانی خۆیان بەردەوام بوون تاكو ئیستا رۆڵی دیاری كراوی خۆی هەبووە هەر لە ئەندام بوون لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیراندا كاریگەری خۆی هەبووە دەبینین لە ڕاپەراندنی ئیش و كارەكانیان دەستێكی باڵایان هەیە ئەمەش نیشانەی دڵخۆشی و ڕێزگرتنە . (بەرز بونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لای ژنان لە ئەنجامی ئەم هۆكارانە پەیدا ئەبن :نەرەخسانی هەلی فێربوون بۆ ژنان ،سنورداری كار و توانای ئابوری بۆ ژنان ،كۆسپ دانان لە بەردەم چوونە دەرەوەی كچان و ،هێشتنەوەیان لە چوار دیواری ماڵدا .هەروەها كۆسپ دروستكردن بە بیانوی سكپڕی ،هەموو ئەو ئەگەرە كۆمەڵایەتی یانەی ژنان ببەستێتەوە بە خێزان و بەخێوكردنی مناڵەوە و دروستكردنی ئەو هەموو كۆت و بەندانە بۆ ژنان نەخوێندەوار بونی ژنان ،ژیانی خۆشگوزەرانی ئابوری ژنان كەم ئەكاتەوە ( جۆنی ریگەر ، 2002،ل67).

(ئەگەر وردتر لە مێژووی كۆمەڵگای كوردستان بڕوانین دەبینین لە ئەنجامی ئالۆگۆری مەزهەبی دا جۆرێك لە جیاوازی مامەڵە كردن لە گەڵ ژن و پێگەی ژن لە كۆمەڵگا دا هاتۆتە ئارا چ بە هۆی مەزهەبەكان خۆیان بوو بێ یان ئەو لێكدانەوە و تەفسیرانەی بۆیان كراوە لە هەموو بارەكاندا قوربانی سەرەكی هەر ژن بووە چونكە لێكدەرەوەی مەزهەبەكان و دانەری داب و نەریتەكان هەموویان پیاو بوون بە هۆی باڵا دەستی و خاوەنداری ئابوورییەوە .) ( سارا فەقێ ، .ل 161) بەڕێوەبردنی ماڵ و بەخێو كردنی منداڵ و پەروەردەكردنی كەوتۆتە سەرشانی ئافرەتەوە، كە قورسترین ئەركە وەكو بار یاخود دەتوانین بڵێن ماڵە بە سەرئافرەتەوە چونكە پەروەردەكردنی منداڵ و پێگەیاندنی منداڵ لە نێو ماڵدا وەكو قوتابخانەیەك وایە و قوتابیەكانی منداڵەكانەو مامۆستاكەشی دایكە ئەمەش ئەركێكی كۆمەڵایەتیە (دابەشكردنی كۆمەڵایەتیانەی كار كە بەر پرسی لە بایەخدان بە خێزان دەكەوێتە ئەستۆی ژنەوە .(منداڵ بەخێوكردن ،چێشتلێنان ،جل و بەرگ شوشتن )كار دەكاتە سەر كاتەكەی و بایەخدان بە مەسەلە گشتیەكانی دەرەوەی خێزانی خۆی كەمتر دەكاتەوە .) (هادی مەحموود ، 2009،ل 94 .)

نابێت ئافرەت بە هۆی ئیش و كاری نێو ماڵەوە كارەكانی دەرەوەی ماڵی فەرامۆش بكات بەڵكو دەبێت پەرە بەكاری دەرەوەی بدات بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی كە لە نێو كۆمەڵگەكەیدا هەیە پڕی بكاتەوە (ئافرەتی كورد دوای نیشتە جێ بوونیان بە زۆری لە سنوری ماڵەوەدایە و خەریكی خزمەتكردنی منداڵ و ماڵ و مێرد دەبن .ئەمەیش خۆی لە خۆیدا كارێكە كە تەواوی كاتی دەوێت .جگە لەوەی كە لە بڕی ئەو هەموو كارەشی لە ماڵەوە هیچ پارەیەكی دەسناكەوێت و كاری دەرەوەش ناكات لە كاتێكدا كە پیاو لە دەرەوە لە بری كاركردن پارە بەدەستدێنێ ،كەواتە لە ڕووی ئابووریشەوە ئافرەت دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی پیاوەوە .) (سمیه نجیب خلیل ،2007،ل27.) كۆمەڵێ هۆكار هەیە كە وابەستەیە بە(كێشەكانی ئافرەتان لە كۆمەڵگەی كوردیدا لە چەند هۆكارێكەوە سەرچاوە دەگرێت ئەو هۆیانەش بریتین لە (نائازادی پیاو لە ڕووی فیكریەوە ...هەتا پیاوێك بۆ خۆی ئازاد نەبێت لە بیر و بۆچوون و ڕاكانیدا ئەوا ناتوانێت ئازادی بەو ژنە بدات چەوسانەوەی ئافرەت بۆ یەكەم جار لە هێلانەكەی خۆیەوە دەست پێ دەكات ئەو هێلانەیەی كە تێیدا لە دایك دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كەكار دەكاتە سەر دەروونی و نەفسی ئەو ئافرەتە وە لەم حاڵەتەشدا كەسییەتیەكی سەركەوتوو نابێت لە قۆناغەكانی ژیانیدا چونكە مرۆڤ كە جەستەی ماندوو بوو ناتوانێت وەكو پێویست بیر بكاتەوە و ژیانێكی خۆش بۆ خۆی و دەوروبەری مەیسەر بكات .) ( ئەحمەد عارف ، 1999،ل 27.)

جەستەی ئافرەت جەستەیەكە بە ئاسانی ناتوانرێت پێناسە بكرێت ئافرەتێك كە بەهرەی هێنانە دنیای مرۆڤێكی تر بێت ئیتر ئێمەی مرۆڤ بۆ ڕێزی لێ نەگرین ئەو كۆرپە ساوایایە تا گەورە دەبێت ئەركی سەرشانی ئافرەتەو قوتابخانەیەك لەماڵەكەی دا دروست دەكات تیایدا ئەو ساوایە فێری خۆرەوشتی جوانی دەكات ، ئەم ئافرەتە دەبێت شوێنی دیاریكراوی هەبێت لە نێو كۆمەڵدا و مافەكانی دەسەبەر بكات هەروەكو لە كتێبی بیرەوەری مەهاباد قەرەداغی دا سالێك لە دۆزەخ بەم شێوەیە باس لە جەستەی

خۆی دەكات وەكو مرۆڤێك پێی وایە بونەوەرێكی پیرۆزە و وەسفی دەكات و دەڵێت:(وەك ژنێك جەستەی خۆمم لا پیرۆزە ،وەكو كوردێك جەستەی خۆمم لا پیرۆزە و ،وەكو مرۆڤێكیش بە هەمان شێوە .مەخابن ئێمە وەك مرۆڤی رۆژهەڵاتیی بە گشتی و وەك كورد بە تایبەتی و وەك ژن بە تایبەتیتر بەرامبەر بە پیرۆزیی جەستە هۆشیارییەكی ئەوتۆمان نییە .) (مەهاباد قەرەداغی،هەولێر،ل 67.)

**بەشی دووەم// رۆڵی شێركۆ بێكەس و گرنگی دان بەژن**

**تەوە رە ی یەكەم**

شیعری كوردی لە دوای گۆرانە وە پێ دەنێتە وەچەرخانێكی نوێو ە،ئەویش بە تێكەڵكردنی بیری نەتەوایەتی و چینایەتی ئەو تێگەیشستن و چەمكانە بۆ نێو شیعر دەگوازێتەوە وئەم گۆڕانكاریانە موژدەی دوارۆژێكی مەزنی بۆ شیعرو كاری خوڵقاندنی ئەدەبیی پێیە .هاو تەریب لە گەڵ خستنە رووی كێشەكان لە برەو دایە و هونەر ئاوێنەی واقیعە و بۆ چەندین دەیە لاپەڕەكانی ئەدەبیی كوردی پێ دەڕازێنرێتەوە .یە كێكی تر لە و ئەزموونانەی كە لە دوایی گۆرانەوەی دەستپێدەكات ،(شێركۆ بێكەس ) ە یەكێكە لە و شاعیرە دیارانەی ئەم پەنجا ساڵەی دوای ،توانیویەتی بەردەوام ئامادەگی خۆیی لە نەخشەی شیعری كوردیدا بسە پێنێت ،بیێتە ڕویەكی دیاری گوتاری هاو چەرخی شیعری كوردی . شێركۆ بێكەس لە كاتێكدا لە گەڵ كۆمەڵێ لە ئەدیبانی سەردەمی خۆی لە سەرەتایی حەفتاكانەوە سەوداسەری تازەكردنەوەی گوتاری شیعری كوردیی بوون و ئەو هەوڵیشیان لە دامەزردانی بزاڤی (ڕوانگە) بینیوە ،((دەتوانین بڵێن لەڕەوتەدا وەكو دەنگێكی تەنیا مایەوە هەربەردەوام بێت ،لەنێو هەمان فەزای ڕوانیندا كۆمەڵێ شێوازی جۆراو جۆری تاقیكردەوە )) **(تیرێژەكان و شیعری شێركۆ بێكەس ،لا3)**. هەروەك دەبین كاتێك هەر دیوانێكی شێركۆ دەكەینەوە چەندین ژانری جۆراو جۆر لە خۆ دەگرێت وەكو (پۆستەرە شیعر چیرۆكە شیعر پەخشانە شیعر و قەسیدەی درێژ، ...هتد).

(شێركۆ بێكەس یەكێكە لە كەسایەتییە بنەڕەتییەكانی سەدەی بیستەمی مێژووی ئێمە ،نوسەرێكە لە هەمووان باشتر ماناكانی بوونی ئێمەی وەك میللەتێكی برینداری لەو سەدەیەدا بەر جەستە كردووە )) (بوشرا كەسنەزانی ،لە تریفەیەی هەڵبەستەوە و بەرو پاركی ئازادی ،لا166) . دەقەكانی شێركۆ بێكەس ڕەنگدانەوەی واقیع و لەهەر قۆناغ و سەردەمێكدا شاعیر هەوڵیداوە وەكو وێنەگرێك وێنەی ڕوداوەكان بگرێت بە شێوەی وێنەك بە وشە بە زمانێكی باڵا لەدەقەكانیدا بەرجەستەی بكات .هەروەها شیعری شێركۆ زۆر جار مێژووی كورد دەنوسێتەوە ،مێژوی میللەتێك پۆلێن دەكات كەهەمیشە بەردەم هێرشی دا چەندین وێنەی تراژدیا ی و پڕلەكارەسات هەروەها ((لە شیعری شێركۆدا نەفی كردن وڕەتكردنەوە نییە بەڵكو مەبەست خوڵقاندنی دەقێكی جیایە خوڵقاندنی جیهان بینینێكە لەدەرەوەی بزوتنەی مێژووی ئەو چەمكانە و ئەو خیتابانەی تاكە ئاستێكی مانایان داوە بەستەوە ،دیارە ئەو دەقە نوێیە ئەوەندە ناتەبا و نامۆ دەبێت )) (تیراژەكان و شیعری شێركۆ بێكەس ،لا148) .ئەو شێوازە پراكتیكی نوسینە ولادانەیە ، دەقێكی غەمبار وەكو جەستەی نیشتمان دەهێنێتە كایەوە كە تێیدا شەهیدەكانمان مێژووی شەوێنراومان ،خاكی سوتاومان گڕی دارستان و ناسنامەی مەسخ كراومان دێنێتە وە بیر وڕاستەو خۆ تێكەڵ بە بیرو دەرونی خوێنەر دەبێت .ئەمەش زیندویی دەقەكانی شاعیر دەسەلمێنێت كە هەمیشە لە توانایدایە پەیوەندیەكی نوێی و جیاواز دروست بكات .كە لە هەموو زەمەنێكی جیاوازدا لای هەر خوێنەرێكی جیاواز مانای جیاواز ببەخشێت .و بەرگەی خوێندنەوەی جیاواز بگرێت . ئالێرەوە نهێنی مانەوەی دەقەكانی شاعیرمان بۆ دەردەكەوێت كە نزیك نیوسەدە توانیوێتی تازە بێتەو و دەقەكان كۆنەكانیش كۆن نەبن .هەروەها شێركۆ كەسێكی تەواو سەربەستە هەموو بەربەست و سنورەكانی شیعر ئەپشكێ و یاساو ڕێساكانی زمان و شیعر دەشكێنێ ،هەروەها پابەندی هیچ ڕێبازێكی ئەدەبی نابێت .تەنیا سودیان لێوەردەگرێت ،وەك ڕێبازی سوریالیزمی و روماسیزم لە دەقەكانیدا دەبینرێت .هەروەها وەك ئاماژەمان بۆكرد دەقەكانی شێركۆ چەندین گوتار هەڵدەگرێت ،چەندین وێنەی شیعری جیاواز دێنێتە ئاراوە وە وێنەیەكی جیاواز دەبە خشێتە هەموو كەلتوری كوردی .كەواتە دەتوانین بڵێن ئەزموونێكی سەخت و گرانە ، پڕیی لە هێما و خەیاڵ و وێنەی ئەفسوناوی شیعری و ئاماژەیەكی هەمەلایەنە .((دەقی شیعری شاعیر خوێنەر ملكەچی بەردەوام ناكات ،بەڵكو خوێنەر خۆی لە گەڵ دەقەكەدا بەردەوام دەبێت ئەم حاڵەش لە ڕوانگەی خوێنەرەوە بریتییە لە (دیموكراسی ئەدەبی ) ئەم حاڵەتەیش خستنەڕوبی توانایی و تەئكنیكی شاعیرە )) (لوقمان ڕەئوف ،بنەماكانی مۆدێرنە لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا

،لا158)چونكە دەقەكانى زادەى ناو كۆمەڵ بوون پڕبوو لە ڕووداو بەسەرهاتەكان خوێنەرى هەميشە زانيارى وەردەگرت و ئاشنا ڕوداوەكان دەكرد هەروەك (ڕەئوف بێگەرد) يەكێك بووە لە هاوڕێى نزيكى شاعير پێمان دەڵێت (( كاك شێركۆ،هەر چيرۆك و ڕوداوێكى سەرنج ڕاكێشى بديايە يان بيبيستايە لاى دەمايەوە و پاشان لە شيعرەكانيدا ڕەنگى دەدايەوە )) (كامەران سوبحان ،لە خەياڵەوە بۆ خۆڵ ،لا295)

شايەنى باسە ئێمە لە م لێكۆڵينەوەدا باس لە گوتارى شاعيرو چنينى وشە و زمانى شاعيرمان كردوە ئەوەى زياتر مەبەستمانە ڕوونى بكەينەوە ڕەنگدانەوەى كەلتو دابو نەريتى كوردييە پەيوەندى بە ئافرەت (ژن) ئا يە شاعير چۆن لەم بابەتە ڕوانيوە ياخود بڵێن ئافرەت (ژن) لە دەقەكانى شاعيردا ئامادەييان هەيە ؟بۆ دەستكەوتنى وەڵامەكەيشمان شێركۆ دەڵێت (( بەبێ ژن باوڕناكەم شيعر هەبێت ،ژن وەك هاوڕێ و وەك خۆشەويست و وەك دڵدار وە خۆشك لە قوربانييە گەورەكانى خورهەڵاتى ناوەڕاستە ،من بۆ ژن شيعرى زۆرم نوسيووە )) (شێرزاد هەينى ،955 دەقيقە لەگەڵ شێركۆبێكەس ،لا55-57) شاعير هەميشە لە دەقەكانى دا پيشتوان و پاڵپشتى و داكۆكيكەرێكى سەر سەختى مافەكانى ئافرەت بووە ،چونكە ئافرەت لە خورهەڵاتى ناوەڕاست بە گشتى و لە ناو كوردا بە تايبەتى كۆمەڵ ياساو داب و نەريتى بۆدانراوە و ئەوە بۆ ژنيان تەرخانكردووە شتێكى كە م و بچووكە بە بەراورد لە گەل پياودا لێرە پياو ياسا بۆخۆى دروست دەكات .ئەو بوو لە ساڵى 1970 شاعير وە ك دامەزرينەرى گروپى ڕوانگە بەياننامەيەكيان بەناوى (ئەى قڵەمە نەترسەكان يەكگرن ) دەركرد وتێدا داوى مافكانى ئافرەت و ئازادى ئافرەتى دەكرد بۆ ئەو قوناغە بەياننامەيەكى توندبوو هەربۆيە لە لايەن مەلا و پياوانى ئاينييەوە بەر پەرچدرانەوە .هەروەها شاعير دەڵێت (( لە م كۆمەڵە ئيسلامييەى ئێمە ژن لاى ئێمە پيا و خاوەن هەموو دەسەڵاتەكان بووە لەو لاشەوە ژنان خاوەنى هيچ نەبوون ، بەڵام ئەوە ناخۆشە ژن لاى ئێمە دەگاتە حاڵتى زەليلى ،بە ڕاستى ئەوان قوربانين )) (سەرچاوەى پێشوو ،لا 59) بەڵام لە سەردەمى ئيستاماندا كۆمەڵى ئازادى دراوە بە ژن بەڵام لە هەندى ناوچە و ناو خێزەكاندا ياساو دابو نەريتەكان وەك خۆيان ماونەتەوە بۆيە ڕۆژانە گۆبيستى چەندين ڕوداو ڕەفتارى ناشرين دەبين .كەواتە دەتوانين بڵن ئافرەت (ژن ) لە دەقەكانى شاعيردا بووونى هە يە ، هەوێنى چەندين دەق ناسك و جوانە ،هەروەك شاعير دەڵێت (( ئەگەر چاو لە شيعر بكەيت ،ئەگەر ژنى لێدەربخەيت ، چى تێدا نامێنێتەوە و ،بەڕاستى ژن بارانى شيعرە ،بارانى ئەدەبە ، ئەو بارانە نەبێت هەموو شتێك وشك دەبنەوە )) (سەرچاوەى پێشوو). كەواتە ئافرەت ڕۆڵێكى بەرزى هەبوو هەميشە شاعير هاوارو دەنگە كپ كراوەكانى ئافرەتى دەرخستووە.

**.تەوە رە ى دووەم : كەلتورو دابونەريتى كوردىو ڕەنگدانەوەى لەسەرئافرەت لە ديوانەشيعرى (ملوانكەى ) شێركۆبێكەسدا**

قسەكردن لە سەرئافرەت و جەستەى ئافرەت و ئەو ياساو دابونەريتانەى كەلە ناو كەلتورى كوردا دانراو مێژوويەكى دێرينى هەيە . ئەگەر لاپەڕەكانى ديوانى شاعيران هەڵدەينەوە چەندين شيعر دەبين كە گوزارشتييان لە ئافرەت كردووە لە هەمانكاتدا داواى مافى ئافرەت و شكاندنى ياساو دابونەريتى كەلتورى كوردييان كردووە ، هەموويان لە قوناغ و سەرەمى خوياندا ڕۆڵيان هەبووە لە وشاركردنەوەى ئافرەت و ڕۆشنبيركردنەوى ئافرەت و كاڵكردنەوەى دابو نەريتەكان . شاعيرشيعرەكانى خۆى لەم حاڵتە چڕكردوە تەوە كۆى گشتى شيعرەكانى ديوانى (ملوانكە)ى تەنيا بۆئافرەت و و باسى هەموو ئەوياسا دابو نەريتەكانى كەلتورى كوردى كردو، كە ئافرەتيان پەراويز خستووە .لە م ديوانەدا خوێنەر بە زۆربەى كەلتورى كورد ئاشنا دەكات هەروەها خوينەر هەست بە ئازار و هاوارى ئافرەت و هەمووئەو ئازارانە دەكات كە ڕۆژانە ساڵانە بەناوى ئاين و كەلتورو داب و نەريتەوە دەرهەق بە ئافرەتى كورد دەكرێت هەتا ئيستايشى لەگەڵدا بێت . (شێركۆ ) ئافرەت دەكات بە باران و دەيكاتە سەرچاوەى شيعرەكانى و بە زمانێكى مێينە بە شيعرێتى تەواوە مێينەى ديوانەكەى خوڵقاندووە ،كەتەنانەت شاعيرە ئافرەتەكانيش نەيانتوانييوە بەو زمانە وشێوازە مێينە باڵا پۆشى دەقەكانيان بكەن . ژن لەم ديوانە ((وەك ژنى شاعيرانى ترە ، كائينێكە لە وشەو ڕستە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە ژنە نەلە واقعداو نەلە ژيانى ڕاستە قينەى شاعيردا بوونييان نييە ، تەنيا لە كاتى بيرلێكردننەوە و داهێنا ن و خۆشەويستى و ژيان لەگەڵياندا و لە خەياڵزاى شاعيردان )) (لوقمان رەئوف،سەرەتاييەك بۆ ڕەخنەيى نوێ ،لا140) .خوێنەر لە ديوانى ملوانكەدا ،لە زمانى ملوانكەوە چيرۆكى ئەو نەهامەتى و شادمانييە ئەبيستێت ،كە ملوانكەكان بۆ يەكترى دەگێڕنەوە و ئێمە ش گۆێيان لێدەگرين .بەزمانى شيعرى هەر لەبەرئەوەيشە (شێركۆ ) ملوانكەى كردوەتە تەوەرى باسەكەى تاكو زياتر جهانى دەق لە

ئافرەتەوە نزیك بێت و هەروەها لە م دەقەکەدا شاعیر هەموو کەرەستە جوانکارییەکان بە قسە دەهێنێت و قسەیان بەدەمەوە دەکات ، وەك (سوراو ،قەڵەم چاو.ماسکارا ...هتد) .ئەم ئەزموونەی (شێرکۆ) ( لە دیوانی کورسیەوە دەستپێدەکات و ،پێشتریش لە هەستەوە دەستی پێکردوە ،پاشان بۆ دیوانی ملوانکە ،ئەم زمانەیش بۆ خۆی جۆرێك لە سروشتێت یان گەڕانەوە بۆ زمانی بەکار هاتوو ،ئەمەش بۆ خۆی بە شێکە لە ئەفراندن ) (ئاوات محەمەد ،شێرکۆ بێکەس –گوڵێك لە هەنار ،لا55) کەواتە شاعیر داهێنەر بووە ، کۆمەڵ لایەنی پەنهانی لەناوزمان بیرکردنەوە بەکار هێنانی شتەکان ڕوونکردوەتەوە و هەروەها بەخشینی سیفەتی قسەکردن بە شتەکان بەخشیووە .هەروەك (محەمەد کوردۆ دەڵێت :- ((گەورەیی شێرکۆ بێکەس بەر لە هەر شتێك بە شیعرکردنی شتەکانە و بە شێرکۆیکردنی شیعرەکانە )) (محەمەد کوردۆ ، جوانی و جیاوازی ،لا115)

بە خوێندنەوەی ملوانکە تێدەگەین کە ئافرەت ئەیەوێت لێپرسینەوە لە کۆمەڵگەی کوردی بکات .تاکەی جیاوازی ،تاکەی چەوساندنەوەو لێپرسینەوە .هەروەها پڕە لە چەندین دەقی ناوازە ، کە دەرخەری زوڵم و ستەمە کە بەناو عەیبە و دابونەریتەوە دەکرێت ، هەروەها هەر لەم دیوانەدا شاعیر چەند دەقێکی دیکەی دارشتوە کەباس لە خوشەویست و میهرەبانی وبەرزڕگرتنی ئافرەت دەکات ،وەك (دایك ،خۆشك ) لێرە هەوڵدەدەین ئەوە دەقە شیعریانە بخەینەڕوو:-

**دە دەقیقە درەنگتر گەیشتینەوە ماڵەوە**
**لە بەردەمی دەرگایی حەوشەدا ،گوێزان و فلچەی**
**ڕیش تاشین و پشتوێنی قایش وزنجیرو پۆستاڵ و**
**ڕانك وچۆغەو هەرهەموو بنەماڵەی نێرینە،**
**ڕاوەستابوون وچاویان سوورسوورو غەزەبیان**
**لێئەباری .گوێزانەکە وتی خوا خوام بوو .چەند**
**دەقیقەیەکی تردواکەون بۆ ئەوەی خۆم بتاندەمە**
**دەست ئەو منارەیە !فلچەی ڕیش تاشینەکە وتی:**
**عەقڵی نوقسان چۆن ئەبێ جڵەوی بەدەست خۆیەوە بێ !** ( ملوانکە ،83)
**یاخود:**
**ژورەکەی منیش شیعری جوان!**
**لە ئەرزەوە هەتا بنمیچ**
**لە غەزەبی ڕیشی باوکم دروست بووە و**
**لە تورەبوونی سمێڵی براکانم و**
**لە چەو ولمی تەشەری خاڵ و مام و**
**لە بلۆکی سەرزەنشتی هەموو خزمان** (ملوانکە ،لا52)

شاعیر لەم دەقەی سەروەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات تاکو ئیستا ئافرەت لە کومەڵگەی کوردیدا ئازاد نییە ، ئەویش سنور دانە بۆ هاتو چۆو چوونەدەروەی ئافرەت ،ئەبێت پابەندی کات و هاتوو چۆیان بن ،هەروەها لە کۆتا دێڕی دەقەیشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەکەم ئەقڵ دادەنرێت ونابێت دەسەڵاتی پێ بدرێت ،هەروەها بە ئارەزووی خۆیی هەرچی بیەوێت ئەنجامی بدات ویان بۆ هەرکوێ بیەوێت بچێت بە ڵکو ئەبێت پابەندی یاسابێت .بەڵام ئەم یاسایە بۆ پیاو نییە ئازادە هیچ کەس لێپرسینەوەی لێناناکات .هەروەك شاعیر دەڵێت:

**لە بەر ئەوەی فلچەی ڕیش تاشین پیاوە ،ئازادە کەی بڕوات وکەی بێتەوە ،**
**هەروەها سەبیلەکان و خەنجەرو گۆرەویو پووزەوانە و**
**هەرچی نێرە لەم ماڵەدا پرسی ناوێت کەی بڕۆن وکەی بێنەوە ! ( ملوانکە ،لا63)**

یاخود:

**لە ئاسماندا عەقڵی نوقسانە مانگە شەو**
**چونكە مێیە!**
**لەسەرزەوی عەقڵی نوقسانە گوڵە باخ**
**چونكە مێیە**
**لە ڕەنگا عەقڵی نوقسانە**
**چونكە مێیە (ملوانكە ،ل84)**
**یاخود:**
**لێرەدا بۆ پیاوەتی خۆشە**
**لە هیج بۆنەیەكدا لە چوونە ژوورەوە دا**
**لە هاتنە دەرەوەدا**
**ژن پێش خۆی نەبات**
**تەنیا لە یەك وەختەدا نەبێت**
**كەئەم بەدارڕاوی بێ و ئەویش لە پێشیەوە ڕابكات . (ملوانكە ،لا82)**

لەم دیوانەدا شاعیر دیمەن وڕۆڵی جیا جیا بە ژن دەبەخشێت ،هوكاری ئاینی وكۆمەلایەتی و سیاسی وكاریگەری كەلتورو نەریت و پێشێلكاری و مافی خواردنی ئافرەت . ((ئافرەت لەورۆژەی لە دایك دەبێت تا ئەوڕۆژەی دەمرێت ،موڵكی خانەوادەیە (یەكەم جار موڵكی باوكە ،دواتریش برا و دواتریش مێرد ) پێگە و ڕێزیشی تەنیا ئەو پێكەو ڕێزەیە كە پێشتر بۆی دیاری كراوە )) (د.مستەفا حیجازی ،دواكەوتوی كۆمەلایەتی ،لا352 ) ئافرەت دار دەست و ئامرازی گۆمەڵگەیە بەتایبەتیش دەسەلاتی خۆسەپێن ، ڕێگە نادرێت وەك بونەوەرێكی سەربەخۆ دان بە وبوونەی دا بنرێت كەوا رەسەنایەتی خۆی هەیە. بۆنمونە:

**ئیمرۆ لەگەڵ خاتوندا چووین**
**بۆ شاییەك**
**لە گوندێكی نزیك شار**
**لە فرسەتێكدا ملوانكە بووكە كەم دی**
**لێم پرسی چۆن شووتكردووە**
**بەم بەرانە سمێڵ ڕەشە ؟!**
**دوای دڵداری ؟!**
**وتی نەخێر هێشتا لەناولانكەدا بووم**
**كەمنییان كردبووە ملی (ملوانكە،155)**

لە م دەقەدا شاعیر باس لە یەكێكی تر لە نەریتەكانی كۆمەڵكەی كوردی دەكات ، ئەویش نەریتی ،بە شوودانی كچە لەناو لانكە ، كەتاكو ئیستایش لە هەندی گوند و شوێن بەردەوامە .لە ڕاستیدا ئەمە یەكێ لە نەریتە ناشرینەكانی كۆمەڵگەی كوردییە ،كەئافرەت مافی هەڵبژاردنی ژیانی هاوسرێتی نییە و مافی پێشێلدەكرێت وبێ ئەوەی بە ئاگا بێت لە دوارۆژی ژیانی و چارەنوسی بە كەسێكی تر دەبەستنەوە .

**یاخود:**
**ئەمرۆ عەسر ملوانكەیەكی دەرهاوسێ**
**جوانی هاوڕێم**
**لەم بەفرەدا**

**خۆی سوتان و بووبە ڕەژوو**
**لبەرئەوەی ڕازی نەبوو**
**بیدەن بە پیرە چەقۆیەك ! (ملوانكە ،لا124)**

بەم شێوەیە لەم گومەڵگەدا ئافرەت ئازادی و ویست و تواناكانی بۆ هەڵبژاردن لێ زەوت دەكرێت ،ئەمەش وای لێدەكات خەیاڵ و بیركردنەوەی بەرامبەر ژیان بگۆڕێت .ئافرەت لە م نیوەندەدا ئامرازی ژن وژنخوازی و خزمایەتیكردن و دروستكردنی پەیوەندیە ، زۆرجار لەنێوان عەشیرەتەكان لە پێنا و زیاتر كردنی هێز و دەسەڵات و هەژموون و سامان ،بەمەشێوە ئافرەت دەرونی دەكوژرێت وگشت بەها و شەرەفەكەیی لە پاكێزەیی سێكسییەكەیدا چڕدەبێتەوە.

لە گەڵ بەرو پێش چوونی كۆمەڵگا ئامێرەكانی تەكنۆلێجییایش بەروە و پێشەو چووە چەندین ئامێری پەیوەندی كردن هاتنە ئارایە كەهەریەكە لە م ئامێرانە لایەنی ئەرێنی و نەرینی لەسەر كۆمەڵگا دروستكرد ، لە كۆمەڵگای كوردیدا ئیستایشی لەگەڵدا بێت سنور بۆئافرەتان دانراوە ،ناتوانن بەشێوەیەكی ئازادانە بەكاری بهێنی ،بۆ نموونە ئامێری (مۆبایل ) ئافرەتان ناوی ڕەگەزی نێرینەبەناوی خۆیانەوە تۆماربكەن ،بەڵكو بە ناوی خوازراو تۆماری دەكەن .ئەروەك لە م دەقەی شاعیردا دەردەكەوێت:-

**ئەو چەند ڕۆژە لە ماڵەوە بووین ،دەرفەتێكی باش**
**لە بەردەمی مندا ڕەخسا بۆ ئەوەی ئەو دەستە**
**خوشكانەی ناو جانتاكەم باشتر بناسم .جگە لە**
**گوارە زۆر بلێكە كە هەرخۆی قسەی ئەكات . و گۆێ**
**لەكەس ناگرێ.دەفتەرە گچكەكەی ژمارەی**
**تەلە فوونەكان ئەوەی بۆ باسكردم كە ئەم لە**
**هەموویان زیاتر لە ژێرگوشاردایە وچەندین جار**
**لەناكاو دراوە بەسەریا بۆ ئەوەی بزانن ئەوژمارەی**
**تەلە فونانەی ناو ئەو نێرن یان مێ !هەروەها**
**بە چرپە پێی وتم : بەڵام خانم بۆ شوێنە ونی : هەندێ**
**ناوی نێرینەی گۆڕیوە بۆ ناوی مێینە وەك ئەوەی**
**" سالار" ی بە "سانا " تۆماركردووە یان "دانا "**
**گۆڕیوە بە "دالیا" وبە وجۆرە (ملوانكە ،لا60)**

هەروەها لە دیوانەدا شاعیر ئاماژە بە بابەتێكی تردەكات كەلە هەموونەتەوەكانی جیهاندا بوونی هەیە و ،هەرنەتەوەیەك بە شێوازێكی جیاواز لێی دەڕوانن ،ئەویش بابەتی (بێوەژن ) ە لەناو نەتەوەی كوردا ،بەردەوام چاوەیی خەڵكی بەسەرەوەیە بە چاوێكی ترەوە لێیان دەڕوانن ،هەرچەندە ئافرەتانی بێوەژن دەرون شكاو جەستە زامدارن هەمیشە خەمبارودڵ پڕئازارن .بەڵام هەمیشە خۆراگرن وبە دڵێكی پرلە ئومیدەوە بەرامبەرژیان وەستاون . شاعیر دەڵێت:

**ئیوارەیەك بوو بە میوانی ڕوخساری**
**بێوەژنێ وكە وەختێ ڕۆیشت**
**دووسێ زەردی**
**لە خەمی كۆنی خۆیدایە**
**شمشاڵێ چووە بەردەمی بێوەژنێ و**
**لە پایزە كۆنەكانی**

**دوو سێ خەزانی بۆژەنی**
**بێوەژنیش هیچی نەبوو بیانداتێ**
**جگە لە چوار پێنج خونچەیەك**
**فرمێسکی نوێ !.** **(ملوانکە، 160)**
**یاخود:**
**ئیستە برایەکم لێمبووە بە مڵۆزم.**
**ئیسپانەیەکی فیتەرە .بەردەوام تاقیبم ئەکات ،ئەچم بۆ کوێ**
**وناچم بۆ کوێ ؟! پێم ئەڵێت ملوانکەی بێوزەژن خەتەرە!**
**ئەبێ هەمیشە چاومان لە سەری بێ.نەبادا هەڵەیەك بکەن و**
**ئابڕوومانبەرن !.** **(ملوانکە ،لا73)**

بێگومان شاعیروەك تاکێکی کۆمەڵگە لە کەسێکی ئاسایی زیاتر هەست بە ئازارەکانی کۆمەڵگادەکات و هەستدەکات پەراکتیزەکردنی هەندێ لە داب و نەریت و کەلتور چۆن ئاوات و ئومێدی تاك تێدەشکێنێت لە ماف و بەرژەندییەکانی بێ بەشی دەکات .ئەوەتا شاعیر لە دەقێکدا ئاماژە بە بابەتی دابەشکردنی میرات دەکات ،لەناو خێزانی کوردیدا زۆر ئافرەت لە میرات وەرگرتن بێبەشدەکرێت،ئەمەشە مافێکی تایبەتی خوێتی وەك هەر تاکێکی تر لە ئەندامەکانی خێزانەکەی مافەی هەیە بەشی خۆی وەربگرێت.ئەوتا شاعیر دەڵێت:

**ئاوێنەیەك گێڕایەوە**
**بەرلە سێ ساڵێ**
**هەرلەم گەڕەکەی ئێمەدا**
**قاسەیەکی نێرینە مرد.**
**قاسەی باوك**
**چوارمنداڵی دوای خۆی جێهێشت**
**سێ کچەبازن و یەك کوڕە قلەمبڕ.**
**ماندووی ناو ماڵ هەر بازن بوو ن.**
**وەفای جوانی بەردەم قاسە هەربازن بوو ن.**
**دوێنێ دادگا بەپێی دادو**
**قانونی پیاو**
**بۆ میراتی قاسەی باوك**
**وای بڕییەوە ووای دابەشکرد**
**کەقلەمبڕ بەتەنیا خۆی**
**لە و میراتە بەقەد هەرسێکیانی بەرکەوت .** **(ملوانکە، 151 )**
**یاخود شاعیر دەڵێت:**
**لە بەردەمی دادگایەکی دارستاندا**
**دەڵە سەگێ**
**لە سەرچەقڵ شایەتی دا**
**کەفێربووە شەوانە دێ و**
**بەچکەکانی ناوگوند ئەخوا!!**

یەکانەیەکی بەرازیش شایەتی دا
کە دەڵە سەگ ڕاست ناکات و
بوختان ئەکا
کەچی لە دواییدا دادگا
بڕیاریدا چەقەڵ بەردا
لە بەر ئەوەی کە شایەتی نێرینەیەك
بەپێی شەرعی ناو بێشەڵان
دووجار بەرامبەر زیاترە
لە شایەتی مێینەیەك ( ملوانکە، لا182)

ژن سەعاتێکە سەعاتێکی بێتاقەت ،ئیشئەکات ئەڕوات.
هەمیشە لە دەستی پیاوێکدا .گۆرانییەکانی ،بەردەوام ،بەردەوام
بۆنی ماف سووتاوو دەنگی سووتا و کەزیی سووتاویان لێدێ. (ملوانکە،لا195)

لە ئەنجامی خوێندنەوەو تێرامان لە دیوانی (ملوانکە) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت .ئەم دیوانە هەڵوێستەیە لەسەر ئازارو نەهامەتییەکان و خەون و خولیای ئافرەت کە بە ناو کەلتو داب و نەریت و رەوشت و ئاینەوە ،ئافرەتان مافیان پێشێلدەکرێت و دەکوژرێت ،هەروەها وەڵامێکی گەورەیە بۆ چەندین سەدە لە بێدەنگی قوڵ و گەورە .ئەم دیوانە وەڵامی سەدان ساڵ لە بێدەنگی ئێمە دەداتەوە.

## ئەنجام

1_ڕەنگدانەوەی ئافرەت لە دەق شاعیراندا مێژوویەکی دورو درێژی هەیە، شاعیران ژنییان بەسەرچاوەی ئیلها م و خۆشەویستی ژیان زانیوە ،هەربۆیە بوەتە هەوێنی چەندین دەق ناسك و سەرنج ڕاکێش.

2_-شێرکۆ بێکەس یەکێکە و لەو شاعیرە دیارانەی کەئافرەت پێگەیەکی تایبەتی لەشیعرەکانی هەیەو هەمیشە لە هەوڵی بە دەستخستنی مافی ژن و چارەسەرکردنی کێشە کانیاندا بووە.

3_-دیوانی ملوانکە یەکێکە لە دەقە والاکانی شێرکۆبێکەس تێکرای دیوانەکەی تایبەتە بە ئافرەت ، باس لە کەلتو دابونەریتی کوردی و ئەو یاساو ماف و دەسەلاتانە دەکات کەدراوە بەئافرەت ،بەزمانی کەرەستەکانی ئافرەت باس لە ئێش و ئازارەکانی ئافرەت دەکات .لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

4_پێویستە ئافرەت هاوسەنگییەك ڕابگرێت لە نێوان کارەکانی نێوماڵەوەو کارەکانی دەرەوەیدا واتە کارەکانی دەرەوەی پشت گوێنەخات ،بەڵکو دەبێت پەرەی پێبدات بۆ ئەوەی ئەو بۆشایانەی کەلەنێو کۆمەڵگەکەیدا دروست دەبێت هەوڵبدات پڕی بکاتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

١_ئافرەت لە مێژوودا ،د.کەماڵ مەزهەر،چاپخانەی –الحوادث ،بەغدا 1981.
٢_-ئەنفال و ئافرەتی کورد ،عەدالەت عومەرساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر2002.
٣_-بیرەوەری ساڵێك لە دۆزەخ ، مەهاباد قەرەداغی ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر2003.
٤-بنەماکانی مۆدێرینە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ، لوقمان رەئوف دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی ،چاپی یەکەم 2009،

٥-تیراژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس ، کۆمەڵێ نوسەر ، .لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ،چاپخانەی داناز ،سلێمانی ،1999.

٦-جوانی و جیاوازی ، محەمەد کوردۆ چاپخانەی بینایی ،سلێمانی ،2009

٧-سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان ،سۆن ،و:مینه ،سلێمانی 2007.

٨-سورەتایەکی ئەکادیمی بۆ ئەدەب و ڕەخنەی نوێ ، لوقمان رەئوف ،چاپانەی بینایی ،2011

٩-شێرزاد هەینی ،955 دەقیقە لەگەڵ شێرکۆبێکەس ،چاپخانەی تیشك ،سلێمانی، 2008

١٠-شێرکۆ بێکەس شاعیرێك لە گوێی هەنار ، ئاوات محەمەد ،دەزگای رۆشنبیری جەماڵ عیرفان ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ،بەبێ ساڵی چاپ.

١١-لە تریفەی هەڵبەستەوە بەرەو پارکی ئازادی ، بوشرا کەسنەزانی چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی ،2013

١٢-لە خەیاڵەوە بۆخۆڵ ، کامەران سوبحان چاپخانەی کارۆ ، ،سلێمانی ،2018

١٣-لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری ،د.جەمال رشید ئەحمەد ،دار الحريه ،بەغداد 1988.

١٤-دەنگی مێینە لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا ،بوار نورەدین ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی شڤان ،سلێمانی 2004.

١٥-دەریایەك لە وشە ،دیدارلە گەل مەهاباد قەرەداغی ،خالید عەبدولکەریم حەمە لاو ،چ1،سلێمانی 2008.

١٦-دیوانی ملوانکە ،،شێرکۆبێکەس چاپخانەی ڕەنج ،چاپی یەکەم ، سلێمانی ،2007

١٧-کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەلاتناسیدا ،د.بەدرخان سندی،و:دکتۆر ئیبراهیم اسماعیل سەعید ،دەزگای موکریانی ،چ1،چاپخانەی خانی دهۆك ،2008.

١٨-موستەفا حیجازی دواکەوتویی کۆمەڵایەتی ،و/سەلاح سەعدی ،چاپخانەی رۆژهەلات ،هەولێر ،2016.

١٩-هۆنراوەی ئافرەتی کورد ،د.کوردستانی گیوی موکریانی ،مطبعە کوردستان 1980.

سەرچاوەی عەرەبی

٢٠-مینورسکی ،الاكراد ملاحظات وانطباعات ،ت:معروف خزندار ،مطبعه النجوم ،بغداد ،1968.

٢١-الوضع الاجتماعی والقانوونی لمراة فی كردستان العراق (2003)،ص92.

**نامەی ماستەر**

22-ئافرەت لە رۆمانی ئافرەتانی کورد دا (2000-2009)،سمیه نجیب خلیل ،نامەی ماستەر،زانکۆیی سەلاحەدین ،هەولێر،2007.

**گۆڤارەکان**

23_عەقلانییەتی نێروەجاخی و کێشەی ژنی کورد، علی ئیسماعیل نژاد گۆڤاری تەوار ساڵی 2012،ژمارە 37..

24-تەوەری توند و تیژی دژ بە ئافرەتان ،سارا فەقێ ، گۆڤاری بیری نوێ ،ژمارە42،---

25-ژنان و نەخوێندەواری ،جۆنی ریگەر ،گۆڤاری خاك ،ژمارە 67،ساڵی شەشەم ،10کانوونی دووەم2002 .

26_-ئافرەتانی سەرکردە لە بەردەم پرسیارەکانی قۆناغی نوێدا،مەهاباد قەرەداغی ،گۆڤاری هزرین ،ژمارە 3،ساڵی 2005.

27-چەمکی جەندەر و تواناسازی ژن لە ناوەندی بڕیاری سیاسییدا،د.هادی مەحموود،گۆڤاری بیری نوێ،ژمارە 46شوباتی 2009.

28-ژن پرسیارێکی لە مێژینەو نادیار !!،ئەحمەد عارف ،گۆڤاری سۆسیالیست ،ژمارە 29،تشرینی یەکەم ساڵی 1999.

29-دیمانە ،لە ئێستادارەوشی ژنان لە چاو جاران بە شێوەیەکی باش دەبینم ،دڵنیاشم لە داهاتوودا ژنان باشتر دەبن ،مونیرە مەخمووری ،گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا زانا ،ژمارەی تایبەت2،چاپخانەی رشۆژهەلات ،هەولێر ،2011/3/8.

30-کەسایەتی ئافرەت لە نێورەهەندە کەلتوریەکان دا ،ڤیان قانع ،گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا زانا ژمارە (7) 2013.